## نامەیەکی کراوە بۆ بەرپرسە گەندەڵەکان ... هۆگر غەریب

وا زیاتر لە (15) ساڵە راست و چەپ کەوتوونەتە گیانی ئەو خەڵکەوە، جەماوەر راپەڕینی کرد و ئێوە خواردتان.. خەڵکی دەنگی بە ئێوە دا و ئێوەش زمانی خەڵکتان بڕی.. حکومەتتان دروست کرد و لە نێوان خۆتاندا دابەشتان کرد. سەروەت و سامانی وڵات و خوێنی شەهیدانتان بە فیڕۆدا و دایک و خێزان و منداڵی شەهیدانتان بێ ئومێدکرد، هەر بەوەشەوە نەوەستان هەر جارەو بە بیانوویەک بەرپرسە گەندەڵەکانتان شەڕی بە هێز و لایەنێک فرۆشت و خەڵکتان دوچاری نەخۆشیی دەروونی کرد و ئاو و کارەبا و هەوا و خاک و تەنانەت ئاسمانیشتان لە نێوان خۆتاندا دابەش کرد.

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمتان پەنجا بە پەنجا تووشی ئیفلیجی کرد، شەڕتان کرد و داستانی کوردکوژیتان هەر جارە لە شاخ و دۆڵ و شارێک تۆمار کرد و سەدان گەنجی خوێنگەرمتان کردە قوربانی شەڕە دۆڕاوەکەی ناوخۆ و پاشانیش داوای لێبووردنتان کرد لە کەس و کاری قوربانییان، وەکو برا ئەزموونی تاڵی کوردکوژی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی شەڕی ناوخۆ سەدان ئاوارە و بێ ڕێ و شوێنتان بەجێ هێشت.. یاساتان لە سەرووی هەموو خەڵکیەوە دانا و خۆشتان لە سەرووی یاساوەن، بەرپرسە گەندەڵەکانتان لە وەزارەت و حیزب و دام و دەزگاکانی تر کوردستانیان تاڵان کرد و قسەتان نەکرد..

ئێستاش بە ناوی یاساوە پێشێلی یاسا دەکەن و لە بەرچاوی ئاسایش و پۆلیس دەستدرێژی دەکرێتە سەر حیزب و لایەنی نەیارتان.. هەر بەوەشەوە نەوەستان پێشێلی پارێزەرانی یاساتان کرد و دەستدرێژی و بێرێزیتان نواند و هەر خۆتان پشتگیری و پارێزەری ئەم ڤایرۆسە گەندەڵانەتان کرد کە کوردستان و ئەزموونەکە و حکومەتەکەیان تووشی ڤایرۆس کردووە. بۆ بەرژەوەندیی حیزبەکانتان چەندین یاسای نوێتان دەرکرد و حکومەتێکی (42) وەزیریتان دانا، مەگەر سەروەت و سامانی وڵات تەنها بەشی مووچە و نەسریەکانی ئەوان بکات!
پەرلەمانتان دوچاری ئیفلیجی و پەرلەمانتارانتان فێری دەست هەڵبڕین کرد.

هەنووکەش کە سەرۆک و جێگری سەرۆکی هەرێم هەیە و، حکومەتێکی فیفتی بە فیفتی بە خاترانەش بۆ چەند حیزبێک پێکهێنراوە، بەهەرحاڵ... دە ئێتر کاتی ئەوە هاتووە کە پێتان بڵێین بە بەرپرسە گەندەڵەکانی ناو حیزب و حکومەت بڵێن: تکایە چۆڵی بکەن و ئەوەی خواردتان و بردتان و تاڵانتان کرد لێتان حەرام بێت، نمەکی خەڵکی بتانگرێت و چیتر بە ناوی پۆستی قەڵەو و پشتی بەهێز و ماستاوی خەست کوردستان وێران مەکەن..